تامی ئیمانی چەشتووە ئەو کەسەی ڕازیە بەوەی اللە پەروەدگاری بێت، وئیسلام ئایینی بێت، وموحەمەد پێغەمبەری بێت

لە عەباسی کوڕی عەبدولموتەلیبەوە -ڕەزای خوای لێبێت- گوێی لە پێغەمبەری خودا بوو -صلی اللہ علیہ وسلم- کە دەیفەرموو: «تامی ئیمانی چەشتووە ئەو کەسەی ڕازیە بەوەی اللە پەروەدگاری بێت، وئیسلام ئایینی بێت، وموحەمەد پێغەمبەری بێت».

[سەحیح - ڕاست)] [(مسلم) ڕیوایەتی کردووە]

پێغەمبەر -صلی اللہ علیہ وسلم- پێمان ڕادەگەیەنێت کە ئیمانداری ڕاستگۆ لە ئیمانەکەیدا کە دڵنیایە سەبارەتی ؛ لە دڵیدا هەست بە ئاسوودەیی وفراوانی وخۆشی وتام وچێژی نزیکبوونەوە لە اللە دەکات -سبحانہ وتعالی- بەمەرجێك بەم سێ شتە ڕازی بێت: یەکەم: ڕازی بێت بەوەی اللە پەروەردگاریەتی، مانای ئەوەیە دڵی فراوان وڕازی بێت سەبارەت بە هەرشتێك لەلایەن پەروەردگاریەوە دێت لە دابەشکردنی ڕزقەکان وحاڵەکان، ولە دڵیدا ناڕازی نەبێت سەبارەت بە شتێك لە حوکمەکانی اللە، وهیچ یەکێکی تر بە پەروەردگاری نازانێت جگە لە اللە. دووەم: ڕازی بێت بەوەی ئیسلام ئایینیەتی، مانای ئەوەیە دڵی ئاسوودە وفراوان بێت سەبارەت بە ئەرك و واجبەکان لە ئایینی ئیسلامدا، و لەسەر هیچ ڕێچکە وڕێبازێك نەبێت جگە لە ئیسلام. سێیەم: ڕازی بێت بەوەی موحەمەد -صلی اللہ علیہ وسلم- پێغەمبەریەتی، مانای ئەوەیە دڵی فراوان وئاسوودە بێت سەبارەت بە هەموو ئەو شتانەی پێغەمبەر -صلی اللہ علیہ وسلم- هێناویەتی بەبێ دوودڵی وبەبێ گومان، بۆیە هیچ ڕێبازێك ناگرێت بەر ئەگەر پێچەوانەی سونەتی پێغەمبەر -صلی اللہ علیہ وسلم- بێت.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/65116